## لاڤە نەوزاد:

# لە راکردنی رۆیشتنی ٥هەزار مەتری پلەی یەکەمم بەدەست هێنا

***چۆن بوو یاریی گۆڕەپان و مەیدانت هەڵبژارد بەتایبەتی یاریی ڕۆیشتن کە ماوەیەکی زۆری دەوێ؟**

- مــن وەکــو هەموو یاریزانانی تر خولیا و عاشــق بوونم بۆ وەرزش وای لێ کردم کە زیاتر حەزم لەم یارییـــە بێت، بەردەوامیش خۆم خەریك كردووە بە وەرزش کردن بۆئەوەی بتوانم ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم بۆیە خۆشبەختانە توانیم ببمە یەکێك لە یاریزانانی ئەم یارییە.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە شارەکانی کوردستان؟**

-بە بۆچوونی من لە ئێســتادا ئاســتی ئەم یارییە لە گەشە کردن دایەو یانەکانیش بە شــێوەیەکی بەرچاو گرنگی بەم یارییە دەدەن، بۆئاستی خۆشمان وەکو کچان گرنگی باشمان پێ دەدرێت بە تایبەتی لە شاری سلێمانی ئاستی کچانی ئەم شارە زۆر پێشکەوتووە و بەهیوای ئەوەشم یانەکان بەردەوام بن لە گرنگیدان بە ئاستی ئەم یارییە بەگشت ئاستەکانیەوە.

***بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش بچێت؟**

- لەهەر یارییەك ئەگەر بمانەوێ ئاســتی وەرزشــەکان پێشــبخەین دەبێت بیر لە کردنەوەی یاریگای جۆراوجۆر و مۆدێرن بکەینەوە، ئێمەش ئەگەر بمانەوێ ئاستی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان زیاتر پێش بکەوێت دەبێت بۆ سەرجەم یانەکان یاریگای تایبەت بکەینەوە بە هەموو پێداویستەکانی سەردەمەوە زیاتر پشت بە تواناکانی یاریزانانی تەمەن بچووك بکەینەوە بۆئەوەی زیاتر پشت بە یاریزانانی خۆمان ببەستین.

*** ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتییە دووتا سێ ڕۆژ تاچەند دەبێتە هۆی پێشکەوتنی ئەم یارییە؟**

-بە بۆچوونی من ئەگەر پاڵەوانێتییەکان بەردەوام بکرێتەوە و ماوەکەشی زیاتر بێت باشترە لەوەی پاڵەوانێتییەکی خێرا بکرێتەوە و کە سوودێکی زۆری نەبێت.

*** هیواو ئاواتت چییە وەکو کچە وەرزشکارێك لە ژیانی وەرزشیت؟**

- گرنگیی زیاتر بەتواناکانی خۆم بدەم و زیاتر پەرە بدەم بە یارییەکەم بۆئەوەی کێبڕکێ بکەم لەســەر ئەنجامی باش لەســەر ئاســتی عێراق وکوردســتان و بتوانم ژمارەیەکی پێوانەیی بۆخۆم تۆماربکەم.

# دیدار حامد یاریی بۆ شورتەو بەغداد و زاخۆ ناکات



دوای ئـــەوەی دیـــدار حامد وەرزی رابردوو توانی وەرزێکی ســـەرکەوتوو لەگەڵ یانەی زاخـــۆ بەرێبکات ورۆڵێکی کاریگەری هەبوو لەســـەرکەوتنەکانی یانـــەی زاخۆ لە خولی بژاردەی عێراقی، لە ئێستاشـــدا ژمارەیەك لە یانەکانی کوردستان و عێراق داوای مۆرکردنی گرێبەستیان لێ کردووە بۆئەوەی لە وەرزی نوێ گرێبەستیان لەگەڵ بکات، بۆئەم مەبەســـتەش هەریەك لە یانەکانی شـــورتەی پاڵەوانی عێراق وبەغداد وزاخۆی هەرێمی کوردستان داوای یاری کردنیان لـــێ کردووە بۆ خولی بژاردەی عێراقی، لەم بارەشـــەوە دیدار حامد بۆ گۆڤـــاری گوڵان گوتی: دوای ئەوەی ئەم وەرزە گرێبەســـتم لەگەڵ یانەی زاخۆ هەڵوەشـــاندەوە بەهۆی هەندێك کاری تایبەت بە خۆم، بەڵام چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا لەلایەن هەریەك لە یانەکانی شـــورتەی پاڵەوانی عێراق و یانەی بەغداد داوای ئەوەم لێ کرا کە بەفەرمی گرێبەستیان لەگەڵ بکەم و ئەوانیش پێویستیان بەمنە راستەوخۆش پەیوەندیی بە کەمپەکانی مەشقیی یانەکانیان بکەم، بەڵام من ئەو داوایەی ئەوانم ڕەت کردەوە، لەلایەن سەرۆکی یانەی زاخۆش بە سوپاسەوە پەیوەندیم پێوە کرا بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە یانەکە و ڕاســـتەخۆ پەیوەندی بەکەمپی مەشقی بکەم لە وڵاتی تورکیا گرێبەستێکی ١٣٠ملیۆن دیناریان پێشکەش کردوومە،

دیمانە: کارزان کانەبی

**یانەی سیروانی نوێ یەکێکە لەو یانانەی کە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لە هەردوو ئاستی کچان و کوڕان، یاریزانانی ئەم یانەیەش هەمیشـــە هەوڵی پێشەنگی دەدەن بۆ سـەلماندنی بوونی خۆیان، یەکێک لەم یاریزانانەش یاریزان لاڤە نـەوزادە کە یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یانەی سـیروانی نوێ و هەڵبژاردەی عێراق خاوەنی چەندین ئەنجامی بەرچاوە لە سـەر ئاسـتی کوردسـتان و عێراق و دەرەوەش ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٦ی شاری سلێمانییە ئەمساڵ لە ڕاکردنی ماوە درێژی مەشی توانی لە ماوەی ڕاکردنی ٥هەزار مەتری پلەی یەکەم لەسـەر ئاستی کوردستان بەدەست بهێنێ ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد:**



*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکاریت دەکەن لە وەرزش کردن؟**

- زۆر هاوکارمن لێرەوە دەمەوێ سوپاسـیان بکەم، ئەوان بەردەوام هۆکاربوونە لەپشـت بەدەست هێنانی سەرکەوتنەکانم.

***زۆرجار ئافرەتان لە وەرزش کردن زۆر دوورن، چی بەوانە دەڵێیت کە لە وەرزش دوورن؟**

- پێیان دەڵێم وەرزش بە سوودە بۆجەستە و هێز و لەش ساغی بە مرۆڤ دەگەیەنێ هیوادارم ڕێژەی ئافرەت لە وەزرش کردن زیاد بێت.

*** یانەی سیروانی نوێ هاوکاریتان دەکات؟**

- بەسوپاسـەوە خزمەتی باشی ئێمە دەکەن، هیچ کەمتەرخەمیێکیان نەکردووە، ئێمەش بەردەوام دەبین لە ئەنجامی باش بۆیانەکەمان.

*** پێشنیارت چییە بۆ ئەو کەسانەی بە هەڵە لە وەرزش گەیشتوون؟**

- وەرزش پەیامی خۆشەویسـتی و لێك تێگەیشـتن و ئاشـتییە هیوام وایە هەمووان لەڕێگای وەرزشەوە لێکتر نزیکتر بینەوە، بزانە لە جیهان بە پەیامی وەرزش هەموو نەتەوە جیاوازەکان لێکتر نزیك دەبنەوە.

***بەرنامەت چییە بۆداهاتووی خۆت؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم گرنگیی زیاتر بە ئاسـتی خۆم بدەم بۆئەوەی ناوی خۆم و وڵاتەکەم بەرز بکەمەوە لەڕێگای وەرزشـەکەم خزمەت بکەم، ئاڵای کوردستانیش لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە بەرزکەمەوە.

***هیچ کێشەو گرفتێکتان هەیە لە یانەکەتان؟**

- بە سوپاسـەوە هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە، بەڵام هیوادارم زیاتر گرنگی بە کردنەوەی یاریگا بدرێت، چونکە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان پێویستیان بە کردنەوەی یاریگای تایبەت هەیە.

من سوپاسـی هەڵوێستی سەرۆکی یانەی زاخۆم کردو ئێسـتاش لە هەوڵی ئەوەدام کەوا بگەڕێمەوە یانە خۆشەویستەکەی خۆم هەولێر، دیدار هەروەها وتی: من بە هەموو ئەو یانانەم ڕاگەیاندووە، تا یەك یانەی هەرێمی کوردسـتان هەبێت یاریی بۆهیچ یانەیەکی تری دەرەوەی هەرێمی کوردسـتان ناکەم، بۆیە ئێستا لەلایەن ئەیوب ئۆدیشۆی ڕاهێنەری یانەی هەولێر داوام لێ کراوە بۆیاری کردن لە ڕیزی یانەی هەولێر منیش بە گەڕانەوەم بۆیانە خۆشەویسـتەکەم زۆر دڵخۆش و ئاسـوودە دەبم، بەهیوای ئەوەم بتوانم بە خزمەتی زیاتر بەو یانەیە بکەم کە لێی پەروەردە بوویمە.

# پاشکۆی مۆندیالی بەرازیل لە کیشوەری ئەورووپا ... پورتوگال و سوید، فەرەنسا و ئۆکرانیا، ئایسلەندا و

لەبارەگای یەکێتیی تۆپی پێی جیهانی فیفا لە شاری زیورخ لە وڵاتی سویسرا تیروپشکی پاشکۆی پاڵاوتنی مۆندیالی بەرازیل ٢٠١٤ لە کیشوەری ئەورووپا راکێشرا، لەم تیروپشکەدا باشترین ٨ دووەمەکانی گروپەکانی پاڵاوتن کەلە ٩ گروپ پێکهاتبوون بەشدارییان تێداکرد و بەسەر دوو ئاست بەپێی پۆلینکردنی فیفا بۆ مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٣ دابەش کران :

ئاستی یەکەم : پورتوگال، یۆنان، کرواتیا، ئۆکرانیا

ئاستی دووەم : فەرەنسا، سوید، رۆمانیا، ئایسلەندا

لە ئەنجامی تیروپشکەکە ئەم چوار یارییە ئەنجام دەدرێت بەشێوازی چوون و هاتن و براوەکان راستەوخۆ دەگەنە یارییەکانی مۆندیال:

پورتوگال * سوید

ئۆکرانیا * فەرەنسا

یۆنان * رۆمانیا

ئایسلەندا * کرواتیا

یارییەکانی چوون لە رۆژی ٢٠١٣/١١/١٥ لە یاریگای ئەو هەڵبژاردانە کەلە پێشەوە ناوییان هاتووە ئەنجام دەدرێت، یارییەکانی گەڕانەوەش لە رۆژی ٢٠١٣/١١/١٩ ئەنجام دەدرێت.

لەلایەکی دیکەوە لەهەمان رۆژانی ٢٠١٣/١١/١٥ و ٢٠١٣/١١/١٩ یارییەکانی پاشکۆی پاڵاوتنی مۆندیالی بەرازیل ٢٠١٤ لە نێوان کیشوەرەکان ئەنجام دەدرێت کە دوو یارییە بەم شێوەیە :

ئوردن (پێنجەمی کیشوەری ئاسیا) *



# کرواتیا، یۆنان و رۆمانیا

ئۆرگوای (پێنجەمی کیشوەری ئەمریکای باشوور)
مەکسیك (چوارەمی کیشوەری ئەمریکای باکوور) *
نیوزیلەندا (پاڵەوانی ئۆقیانیا)
جێگای ئاماژە پێکردنە تا ئێستا ٢١ هەڵبژاردە گەیشتنیان بۆ یارییەکانی مۆندیال مسۆگەرکردووە کە بریتین لەم هەڵبژاردانە:
بەرازیل وەك وڵاتی میواندار
ئەرژەنتین – کۆلۆمبیا – چیلی – ئیکوادۆر لەکیشوەری ئەمریکای باشوور
ئەمریکا – کۆستاریکا – هندۆراس لە کیشوەری ئەمریکای باکوور
ژاپۆن – کۆریای باشوور – ئوستورالیا – ئێران لە کیشوەری ئاسیا
ئیسپانیا – ئەڵمانیا – هۆڵەندا – ئیتالیا – بەلژیکا – روسیا – سویسرا – بۆسنیا – ئینگلتەرا لە کیشوەری ئەوروپا
لە رۆژی ٢٠١٣/١٢/٦ لە شاری ساوپاولۆی بەرازیلی تیروپشکی مۆندیالی ٢٠١٤ ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر ٧ ی ئێوارە بەکاتی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان.




## فابیۆ کاپیلۆ.. ئەنشیلۆتی پێویستی بەکاتی زیاترە بۆ ئەوەی ئاسەواری مۆرینهۆ بەکۆتا بێنێت

بەپێی هەواڵێکی پێگەی دیڤینسا سەنترالی وەرزشی ئیسپانی راهێنەری ئیتالیی بەناوبانگ فابیۆ کاپیلۆ رایگەیاندوە بەرێوەبەری هونەری و راهێنەری یانەی ریال مەدرید کارلۆ ئەنشیلۆتی پێویستی بەکاتی زیاترە بۆ ئەوەی لەئاسەواری راهێنەری پێشوو مۆرینهۆ دەربازی بێت.... هەروەها ئەم راهێنەرە ئیتالیە لەمیانەی دیدارێکی تایبەت لەگەڵ رۆژنامەی کۆرییری دیلا سیرای ئیتالی وتویەتی لەسەر ئەنشیلۆتی پێویستە کاری گەورە ئەنجام بدات، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بەکاتی زیاترە و لەسەریەتی چاوی لەئەنجامەکان بێت تا کارەکانی مۆرینهۆ بەکۆتابێنێت و شێوازی خۆی بەسەر تیپەکە بچەسپێنێت،هەرلەدرێژەی قسەکانیدا کاپیلۆ جەختی کردەوە کە ئەم کارەی ئەنشیلۆتی بەهیچ شێوەیەك سانا نیە، بەڵکو پێویستی بەخزمەت و کۆششی سەرجەم یاریزانەکانە.
سەبارەت بە یاریزانی بەناوبانگ کریستیانۆ رۆناڵدۆ راهێنەری ئیتالی بەناوبانگ فابیۆ کاپیلۆ وتی: رۆناڵدۆ یاریزانێکی ئاست بەرزو درەوشاوەیە، بەڵام نابێت یانەی ریال مەدرید تەنیا پشت بەتواناکانی رۆناڵدۆ ببەستێت، هەربۆیەش بەهاتنی گاریس بیل لەماوەی داهاتوو ئاستی تیپەکە بەرەو باشتر و بەرز تر دەچێت.
شایانی باسە کاپیلۆ پێشتر لە دوو کاتی جیاوازدا ئەرکی راهێنەرایەتی یانەی ریال مەدریدی وەرگرتووە.

## ئۆزیل دەست بەرداری باوکی دەبێت وەک بەرێوەبەری کارەکانی

پێگەی وەرزشی بەناوبانگ دیڤنسا سەنترال بڵاویکردەوە کە ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی ئەرسناڵ مەسعود ئۆزیل رایگەیاندوە براکەی مۆتلو وەکو بەرێوەبەری کارەکانی دەست بەکار دەبێت....ئەمە لەکاتێکدایە پێشتر مستەفا ئۆزیلی باوکی مەسعود ئۆزیل بەرێوەبەری کارەکانی بوو لە کاتی بەرێوەچوونی گفتوگۆکانی لەگەڵ یانەی شاهانە و دواتر گواستنەوەی بۆ یانەی ئەرسناڵ لە هاوینی ئەمساڵەدا، لەلایەن خۆیەوە مەسعود ئۆزیل ئەم هەواڵەی پشت راست کردەوەو روونیکردەوە ئەم هەنگاوە بەهیچ شێوەیەك بۆ وەلانانی رۆڵی مستەفا ئۆزیلی باوکی نییە کە رۆڵی سەرەکی بینیوە لە گرێبەستەکانی یاریزانی ناوبراو، بەڵکو مۆتلوی برای زیاتر شارەزای کەش و هەوای خولی ئینگلتەرایە و وەك هەولێکیش بۆ پشوودانی باوکی .
جێی وەبیر هێنانەوەیە لەدوا رۆژی گواستنەوەی هاوینەی یاریزانان مەسعود ئۆزیلی یاریزانی یانەی شاهانە و هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بە ژمارەیەکی پێوانەیی لە نێو یاریزانانی ئەڵمانیا چووە یانەی ئەرسناڵ و درێسی ژمارە یانزەی پۆشی.





# خولی یانە پاڵەوانەکانی تۆپی باڵەی عەرەبی لەکوردستان بەڕێوەدەچێت

لەبارەی دوایین کۆبوونەوەی یەکێتیی تۆپی باڵەی عەرەبی و ئاسیا کەلەمانگی رابردوو لەوڵاتی دوبەی بەڕێوەچـــوو د. موئەیەد مەغدیـــد جێگـــری ســـەرۆکی یەکێتیی تۆپی باڵەی عەرەبـــی رایگەیاند : دوایین کۆبوونەوەی یەکێتییەکەمـــان پرۆگرامی هەرسێ ســـاڵی داهاتوو ٢٠١٤ -٢٠١٥-٢٠١٦ پەســـەندکرا و بڕیـــاردرا کۆبوونەوە ساڵی ٢٠١٤ کۆبوونەوەی یەکێتیی تۆپی باڵە وڵاتانی عەرەبی بۆیەکەم جار لەشاری هەولێر بەڕێوەبچێت کە ئەو ساڵ بەنسبەت شـــاری هەولێر وەك پایتەختی گەشتیاری پایتەخی وڵاتانی عەرەبی دەناسێرنێت .

جێگری ســـەرۆکی یەکێتیـــی تۆبی باڵە راشیگەیاند کە لەساڵی ٢٠١٥ پاڵەوانییەتی تۆپی باڵەی وڵاتانی عەرەبی لەکوردستان بەڕێوەدەچێت .

لەبـــارەی کۆبوونەوەیـــان وەك ســـەرۆکی یەکێتیی تۆپی باڵەی عێراق لەکۆبوونەوەی ئاســـایی لەیەکێتیی تۆپی باڵەی ئاســـیا د. موئەیـــەد مەغدیـــد رایگەیاند دوایی پەسەندکردنی راپۆرتی دارایی و کارگیری بریارلەســـەر خولەکانی تۆپی باڵە درا بۆ وەرزی ٢٠١٤-٢٠١٥ بـــەڵام بەداخـــەوە بەهۆی نەبوونی هۆڵی گونجاو پێشکەوتوو لەعێراق و کوردستان نەمانتوانی هیچ کام لەو پاڵەوانییەتییانـــە بگوازینەوە بۆ وڵات و پاڵەوانییەتییەکان وەك ســـاڵانی پێشـــوو لەوڵاتی دوبـــەی بەڕێوەدەچێت کەهۆلی پێشـــکەوتوو لەخـــۆ دەگرێـــت. لەکۆتادا ســـەرۆکی یەکێتیی تۆپی باڵەی عێراقی و جێگـــری ســـەرۆکی یەکێتیـــی تۆپی باڵـــەی عەرەبـــی د، موئەیـــەد مەغدید راگەیاند لەهـــەردوو کۆبوونەوەی یەکێتیی وڵاتانی عەرەبی و ئاســـیای ستایشـــی پێشـــکەوتنەکانی وەرزشـــیان لەکوردستان کرد کە بەرچاویەکی باشی بەخۆوە بینیوە وەرزش لەکوردستاندا .




# لە پاڵەوانێتیی یانەکانی عەرەبی بۆ تێنس کچـانی شەقـــڵاوە

یارییەکانی قۆناغی کۆمەڵەکەی پاڵەوانێتیی تێنســـی ســـەرمێزی عەرەب بۆ کچـــان کۆتایی هات، کچە یاریزانێکی شـــەقڵاوەش لە یەکەمی وڵاتانی عەرەبی بـــردەوە. هەفتەی رابردوو دوا یارییەکانی قۆناغی کۆمەڵەکەی پاڵەوانێتیێ تێنسی سەرمێزی یانە پاڵەوانەکانی عەرەب بۆ کچان ئەنجامدرا و کۆتایی بەیارییەکان هات.

لەم پاڵەوانێتییەدا کچە یاریزانی پیشـــەگەری ئێرانی یانەی شەقڵاوە نەدا شەهســـڤاری توانی لە نەدیـــم دەوڵەتی کچە یاریزانی پاڵەوانی وڵاتانی عەرەب و میســـر بباتەوە، ئەوە جگە لەوەی کە یاریزانەکەی شـــەقڵاوە بەدرێژایی پاڵەوانێتییەکە هیـــچ یارییەکی نەدۆڕاند، لەم پاڵەوانێتیەدا کچە یاریزانانی شـــەقڵاوە پلەی پێنجەمیان بە دەستهێنا لە کۆی ٧ یانە.


١- ئەهلی ( میسر )



# راهێنەرێکی لێهاتوویی جەستەیی ئیسپانی بووە راهێنەری هەولێر

# هەولێر میوانداریی پاڵەوانییەتی بلیاردی عەرەبی دەکات

بــە چاودێریی یەکێتیی بلیاردی عەرەبی و بەسەرپەرشــتیی یەکێتیی بلیاردی عێراق
بەهاوکاریی بلیاردی کوردســتان پاڵەوانییەتی بلیارد وڵاتانی عەرەب لەشــاری هەولێر
بەڕێوەدەچێت.
شــوان حەسەن محمد جێگری سەرۆکی یەکێتیی بلیاردی عێراق راگەیاند : لەبەرواری
١٠-١١ تــا ٢٠-١١-٢٠١٣ پاڵەوانییەتــی بلیاردی عەرەبی بۆ تۆپی ســنۆکەر ٢٢ -
نۆتۆپ - هەشت تۆپ لەشاری هەولێر لەسەنتەر بلوو بەڕێوەدەچێت، شوان حەسەن محمد
راشیگەیاند تیپە بەشدار بووەکان شەش تیپن کە هەریەك لە هەلبژاردەکانی عراق و میسر
و قەتەر و ئیمارات و بەحرەین و فەڵەستین و لوبنان بەشدارن لەو پاڵەوانییەتییەدا.
پاڵەوانییەتــی بلیاردی ولاتانــی عەرەبی لە رۆژانی بەڕێوەچوونــی جامەکە بەیانیان
لەکاتژمێــر ١٠ بەیانی بەڕێوەدەچێت و ئێوارانیــش لەکاتژمێر ٣ی ئێوارە یاریەکان دێتە
ئەنجامدان.






## پلەی پێنجەمی بەدەستهێنا

٢- ئەرسوزکس ( ئوردن )
٣- فەتاتی نەجەف ( عێراق )
٤- ئەمەل ئەربع ( جەزائیر )
٥- شەقڵاوە ( کوردستانی عێراق )
٦- بەحرەین ( بەحرەین )
٧- مەدینە حسێن ( ئوردن)

هەفتەی رابردوو لە بارەگای یانەی هەولێر، بەفەرمی دەستەی کارگێڕیــی یانەی هەولێر گرێبەســتی لەگــەڵ راهێنەری لێهاتووی جەستەیی ئیســپانی گۆنزالۆ رۆدریڤێز گارسیا بۆ ماوەی وەرزێك مۆرکرد. ئەم راهێنەرە خاوەن ئەزموونێکی زۆرە لە بواری لێهاتووی جەستەیی و دەرچووی کۆلێژی پەروردەی وەرزشــی زانکۆی لیۆن لە فەرەنســا، هەروەها ماجستێری لە پەروەردەی وەرزشی لە زانکۆی رۆساریۆ لە ئەرژەنتین وەرگرتووە و پاشــان دکتۆرای لە زانســتی دەروونی وەرزشی لە زانکۆی قادش وەرگرتووە و پاشــان بڕوانامەی پێشکەوتووی لە بواری لێهاتووی جەستەیی لە یەکێتیی تۆپی پێی ئیسپانیا وەرگرتووە.
گۆنزالۆ یاریزانی پێشــووی هەڵبژاردەی تۆپی دەستی لاوانی ئیسپانیا بووە و دواتر لە ساڵی ٢٠٠٦ وەکو راهێنەری لێهاتووی جەستەیی لە یانەی یۆنیۆن دیڤرتیڤۆ سالامانکا کاری کردووە پاشــان لە ســاڵی ٢٠٠٨ لەســەر داوای راهێنەری ئیسپانی بەناوبانــگ رافائێل بینێتیز بۆ ماوەی دوو ســاڵ لە یانەی لیڤەرپوول وەکو راهێنەری لێهاتوویی جەستەیی کاری کردووە و لە ســاڵی ٢٠١٠ بۆ ماوەی یەك وەرز لە یانەی بەلد وەلید لە خولی ئیســپانیا کاری کردووە و لە ساڵی ٢٠١١ لە یەکێك لە یانەکانی پلە دووەی ئیســپانیا کاری کردووە و لە هەمان وەرز پەیوەندیی بە یانەی ئەلباســیتی کــردووە بۆ ماوەی دوو وەرز پاشــان لە وەرزی ٢٠١٣ لەســەر داوای یاریزانی بەناوبانگی ئیسپانیا و یانەی بەرشــلۆنە ئەنێستا بووە راهێنەری سەرەکی ئەم یانەیە، کە ئەنێستا خاوەنی ئەم یانەیە و ئێستاش پەیوەندی بــە یانەی هەولێر کردووە. گۆنزالۆ خاوەن پەیوەندییەکی بەهێزە لەگەڵ راهێنەری رافائێل بینێتیز و یاریزان ئەنێســتا و چەند یاریزانێکی تر.